www.kurdistannet.org
4-7-2006 12:22  یەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ کوردەکانی هەندەران: وەرنەوە ... بەهێز حوسێن

Bahez2005@yahoo. com

بۆ هاونەتەوەکانم لەهەر شوێنێکی دونیان و بێخەبەرن لە کوردستان

سڵاوتان لێبێت...



بەم نامەیە دەمەوێت پێتان بڵێم بەسە چیتر لە دوورە وڵات خۆتان مەدۆڕێنن و وەرنەوە کوردستان، چونکە ئێرە سەراوژور گۆڕاوە و لە وڵاتە بێگانەکانی ئەوروپا گەلێک خۆشتر بووە.

ئەم نامەیەم بخوێننەوە و لێی تێبگەن ئینجا بڕیاری خۆتان بدەن کە یەکڕاست وەڵامەکانتان بەڵی دەبێت و هەرسبەینی جانتای کلۆڵیتان هەڵدەگرن و دێنەوە:

وەرنەوە ئەو کوردستانەی تاکو ئێستاش هەندێک داخ لەدڵ پێی دەڵێن (هەرێمی کوردستان) ، نازانن بە جوامێری سەرکردەکانمان و سیاسەتی حەکیمانەیان کوردستانمان لە عێراق جودا کردەوە و ئەم دەوڵەتەمان بۆ خۆمان پێکهێنا و پاش ئەوەی کەرکوک و مەخموور و شەنگال و خانەقینمان خستەوە سەر، ئێستا خەریکە سێ پارچەکەی تریشی دەخەینەوە سەر و هاکا کوردستانی گەورەمان ڕاگەیاند بەبی ئەوەی گوێبدەینە ئەتاتورکەکانی ئەنکەرا و مەلاکانی قوم و ئەسەدییەکانی شام و فەتواچییەکانی بەغدا، بەڵی ئێمە سەرکردە و ڕابەری ئاوا جوامێرمان هەیە.

لە خۆنەویستی ئەواندا ئێمە هەموومان بوینەتە سەرکردە و حکومەتە ئازیزەکەشمان بەبی پرسی ئێمە پەنجە بەئاودا ناکەن، وەکو جاران نەماوە کە حکومەت و حیزب یەک باخەڵ بن، ئێستا هەموو گەل لە سەرۆکەوە بۆ پاسەوان و فەرمانبەر و خێزانی پاشماوەکانی ئەنفال و کرێکار و جووتیارەکان یەک باخەڵن.

ئەوەندە سەرکردەکانمان خاکی بوونەتەوە هەموویان بە پایسکیل هاتووچۆدەکەن و ئەو سەرکردانەیان بە لەعنەتکردووە کە لەپشتی جامی ڕەشی مۆنیکاوە خۆیان دەشاردەوە و تفیان لە چارەی برسی و پڕ داد و هاواری هاوڵاتی دەکرد، ئۆتۆمبیلەکانیان بەخشیوەتە خەڵوەتگەی پیری و ڤێلاکانیان کردۆتە دایەنگا و لە خانووەکانی کارگەی جگەرە ماڵ و منداڵیان بردۆتە کرێچێتی و من ئەندام پەرلەمانێک دەناسم هەر بەپاس هاتووچۆ دەکات و لەهیچ هاوڵاتییەکیش قبوڵ ناکات پارەی پاسەکەی بۆ بدات و دەڵی منیش ئەوەندەی تۆ وەردەگرم.

ئێستا لە سایەی ڕابەرەکانمان شامی شەریفە وڵاتی من، هەموو ئەم وڵاتە بگەڕی بەنزینخانەیەک هۆتێلێک باخچەیەک نانەواخانەیەک پاسکیلخانەیەک حەمامێک شک نابەیت هی مەسئولێک بێت، هەر بیر لە وەزعی میللەت دەکەنەوە و فەقیرانە بەفریای ڕیشتاشین و پێڵاوبۆیاخکردنێکیش ناکەون.

ئێستا لێرە هیچ هاوڵاتییەک مەغدوور نیە و ئەمسەر و ئەوسەری تەیکە تاکە نەفەرێک شک نابەیت گلەیی هەبێت، پێنج فەرزە دوعا بۆ سەرکردەکانمان دەکەن.

ئەو سەردەمانە بەسەرچوو پۆلیس و ئاسایش شەق لە خەڵک هەڵدەن، ئەوە تەقەکردن لە ساحەی تەدریبیشدا هەر بەتەواوی تەرک کراوە و ئەگەر خوانەخواستە خۆپیشاندانێکیش ببێت ئەوا پۆلیس ئاویان بۆ دەگێڕن و ئەندام پەرلەمانەکان هوتافکێشەکان دەکەنە شان.

وەرنەوە هاونەتەوەکانم!

ئەو ئەوروپا بەناو دیموکراسیە جێهێڵن و وەرنەوە بۆ ئەم بەهەشتە نەبڕاوەیە.. ئێوە ئاگاتان لێنییە، سەرکردەکانمان کە باستان دەکەن قۆڵپەی گریانیان بۆتان دێت کە ئاخۆ ئێستا ئێوەی پەناهەندە لە کوی ڕۆژدەکەنەوە و ئەبی ئێستا چی بخۆن!؟

ئێوەی پلە دووەکانی ئەوروپا چۆن فەرامۆشکراون و بەبی ئیزنی ئێوە چۆن یەکێتی ئەوروپا درێژە بە مامەڵەی ئیرۆ دەدات؟ چۆن دەبی دەنگ و بڕیارتان نەبێت؟

ئێست ئەوەندە کارەبامان زۆر و بی بڕانە ماناڵەکانما گەمەی پێدەکەن و هەریەکەیان بوونەتە ئەدیسۆنێک و جۆرەها گلۆپی ناوازەیان داهێناوە، ئەوەندە ئاومان زۆرە لە گەڕەکەکاندا هەرماڵە و بەشی برنجی ساڵێکی خۆی مەرەزەی کردووە، سوتەمنی هەر لێی ناپرسێتەوە، ئێستا بە بەنزینە موحەسەنەکە ئاوڕشێنی خانوودەکەن.

چۆن لە کەناڵە ئازادە ئاسمانییەکانی حکومتەوە نایبینن کە ڕۆژ نییە پۆلیسەکانی سەر سنووری کوردستان سەدان کۆچبەری نایاسایی سویدی و کەنەدی و فلەندی کە دەیانەوێت بێنە ئەم وڵاتەوە ئاودیو دەکەنەوە؟ چۆن نەتان دیوە کە لەکردنەوەی میترۆکانی شەمەنەفەری

نێوان هەولێر سلێمانی وەزیر خۆی یەکەم شەمەنەفەری لێخوڕی، بو ناونیشانەی وەک هاندەرانی تۆپی پێی وڵاتان سەرکوڵمەکانی بە ئاڵای کوردستان نەخشاندبوو.
وەرنەوە ئەی ئەوانەی لە دەستی مەسئولی مەسلەحچی و فیعیلچی سەری خۆتان هەڵگرت و کوردستانتان چۆلکرد، وەرنەوە زانکۆکانمان، ئەم هەمووکارگە بەرهەمهێنەرانەمان، کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانیمان، فەرمانگە خزمەتگوزارییەکانمان، وەزارەت و سەرۆکایەتی وڵاتمان پێویستی بە ئێوەیە.
وەرنەوە با لەوی بێکەس نەبن، بەداخی گەندەڵی ئیداری و سیاسی ئەوروپاوە سەرنەنێنەوە، وەرنەوە با لە چاوەڕوانیتانا سەرکردەکانمان خەفەت نەیان کوژێت، وەرنەوە و وەکو ئێمە قاچ لەسەر قاچ دانێن و مانگانە بێخەم پاش وەرگرتنی سۆسیالەکانتان سەربکەنە سەر سەرین، خەمتان نەبێت وڵات سەرکردەی ئاوای هەبێت نە نیشتمان و نە خەڵک خەمی نابێت، ئێوەش هەر لەسبەینێوە وەرنەوە لەسەر ئەوە مەوەستن کە فڕۆکەخانەکانمان بچوکن و قەرەباڵغی هەڵناگرێت، ئێستا لە سایەی سەرکردەکانمانەوە سلێمانی چوار فڕۆکەخانە و هەولێر شەش و دەربەندیخان و کەلار سەر و یەک و سۆران دانەیەک و دهۆکی دەلالیش دووان و هەڵەبجەی شەهیدیش گەورەترین فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی لێیە و سەروزیادیشتانە.
.